# لێم مەپرسە!!؟




خۆشەویستیت لە هەموو خەونەکانم خۆشترە چرکە بەچرکە لەگەڵی دەژێم ئەی دیاری یەزدان بۆ من!!

**ئەی دڵ:**

لێم مەپرسە بۆچی تۆم خۆشدەوێ، چونکە بەخۆم هۆیەکانی نازانم و چاوەڕێی وەڵامیش مەبە و لەلای کەس دەستت ناکەوێ!!؟.

**هەناسەکەم:**

خۆشەویستیی من لە هی هەموو خەڵک جیاوازترە، چونکە بەخۆم بەو خۆشەویستییە دەسووتێم ... کە بیرت دەکەم حەز بە نووسین دەکەم... کاتێ پێنووس دەگرمە دەست پێنووسەکەم پێش خۆم دەکەوێتە جوڵە، چونکە وشەکان هەر لەناو مێشکمدا دەکەونە پێشبڕکێ لە ناو خۆیاندا بۆ ئەوەی زووتر بێنە سەر زارم و جێگای خۆیان بگرن لەسەر ئەو لاپەڕەیەی کە بەهەست و سۆز دەمەوێ بۆ تۆی خۆشەویستی برازێنمەوە...!

**گیانی من:**

وا دیارە چاوەڕێی بڕیارێکی، بەڵام...!!؟

گیانە بۆ تۆ دەنووسم... بۆ تۆ دەژیم... هەر بۆ تۆش دەبم لەتۆ زیاتر بۆ کەسی تر نابم، بەڵام قەدەر وایکردووە، کە دووربم و بێبەشبم لە خۆشەویستی و باوەشی گەرمی تۆ، هەر چەندە تۆ هیوا و ئومێدو سێبوری ژینمی... قەدەر وایکردووە کە هەست و سۆز تەنها لەسەر لاپەڕە دەرببڕم و تۆماری بکەم و خۆشەویستیت لەناو سییەکانم بشارمەوەو هەر بەنهێنی بمێنێتەوە... بێدەنگ دەبم، بەڵکو بێدەنگییەکەم بەهاواری دڵمدا بێت!!

**ئەی ڕوح:**

بە بیرت دێ، کە پێتم دەگوت گیانەکەم با لەوە زیاتر پەیوەست نەبین بەیەکەوە نەوەک لەناکاو لەیەک ون بین و ئیتر حەوانەوەمان مەحاڵ بێ، هەر چەندە ئێستا لەیەک ون نەبووینە، بەڵام حەوانەوەشمان نەماوە بەبێ یەک!!!